# بەیاننامەی بزوتنەوەی گۆڕان

# دەربارەی هەلومەرجی ئێستای کوردستان

### هاونیشتیمانانی سەربەرزی کوردستان

وەک هەموو بەچاوی خۆتان ئەبینن رۆژی کەوتنی رژێمە دیکتاتۆرەکان لە زۆربەی وڵاتە ستەمکار و داخراوەکانی دنیا و ناوچەکە دەستی پێ کردووەو شەپۆلێکی نارەزایی لەپێناو ئازادی و دادپەروەریدا جەماوەری وڵاتە جیاوازەکانی تەنیوە. هاوار لەپێناو ئازادی و دادپەروەریدا خەڵکی رژاندۆتە سەر شەقام و ترسی خستۆتە دڵی هەموو ستەمکاران، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پایتەختە گەورەکانی دنیا پێشوازی لەو گۆڕانە دێمۆکراتییە دەکەن و پشتیان کردۆتە ستەمکار و دیکتاتۆرەکان.

ئێمە لە کوردستان لە کاتێکدا بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو شەپۆلی گۆڕانە دەکەین و سات لە دوای سات چاودێری پاشهاتەکانی ئەکەین، لە هەمان کاتدا بە نیگەرانییەوە دەڕوانینە خەمساردیی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان کە هیچ هەنگاوێکی راستەقینەیان بەرەو دیمۆکراتیزەکردنی سیستمی فەرمانڕەوایی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستیە ساناکانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان نەناوە، لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان چاوەڕێ بوون لە دوای راپەرینەکەی ١٩٩١وە جۆرێک سیستەمی حوکمڕانی و دیموکراسی دابمەزرێنێ، کە هەموو ناوچەکە ناچار بە لاساییکردنەوەی بکات و گەلی کوردستان ببێتە پێشەنگی گۆڕان بەرەو دیمۆکرسی و دادپەروەری، بەڵام روداوەکانی دوای راپەرین هەموو ئەو چاوەڕوانیانەی لەناو برد. کوردستان نەک هەر نەیتوانی ئەو نمونە دیمۆکراسیە بێت کە شوێنەکانی تر ناچار بکات لاسایی بکەنەوە. بەڵکو سیستەمێکی حوکمڕانی حیزبی پڕ لە ستەمکاری دروست کرد کە بووەتە نمونەیەکی خراپی لاساییکردنەوە.

### هاونیشتیمانانی سەربەرزی کوردستان

دوای نزیکەی دوو ساڵ لە دەرکەوتنی ئەزمونی ئۆپۆزیسیۆنی پارلەمانی لە کوردستاندا خەڵکی کوردستان ئومێدیان وا بوو کە دەسەڵاتدارانی هەرێم بە خۆیاندا بچنەوەو دەرکەوتنی ئەو ئەزمونە بکەنە دەرفەتێک بۆ دیمۆکراتیزەکردنی فەرمانڕەوایی و دامەزراندنی سیستەمێکی پارلەمانی راستەقینە و باشکردنی گوزەرانی هاوڵاتیان و دابینکردنی هەلی کار و

خۆپێگەیاندن بۆ گەنجان و بە نیشتمانیکردنی مەنزومەی ئەمنی و بەرگریی هەرێم و جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە دەسەڵاتی حکومەت. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خەڵکییەوە دەسەڵاتداران بە بەرنامە کار ئەکەن بۆ نابوتکردنی دەزگا نیشتمانیەکان لەسەرو هەموشیانەوە پارلەمانی کوردستان کە رۆڵی رەقابی خۆی بە تەواوی لە دەست داوەو ئەوە ساڵ ونیوێک بەسەر تەمەنی ئەم خولەی پارلەماندا تێ ئەپەڕێ تا ئێستا دەسەڵاتی ئەوەی نەبووە لێپێچینەوە لەگەڵ تاکە بەرپرسێکی ئەم هەرێمەدا بکا، تەنانەت ئەو حکومەتەی کە شەرعییەتی لە پەرلەرمان وەرگرتووە ئامادە نییە ئیعتیراف بە دەسەڵاتی پەرلەمان بکاو وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە.

ئێمە لە بزوتنەوەی گۆڕان چەندین جار بە گوتاری نوسراو و زارەکی، چەندین جار لە رێگەی فراکسیۆنەکانمانەوە لە کوردستان و بەغدا، دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوامان لە مەترسی و پەرەسەندنی ئەم دۆخە ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام جار لە دوای جار رووبەڕوی خەمساردیی زیاتر و بێباکیی زیاتر بوینەتەوە. بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بزوتنەکەمان بە راشکاوی و بە ئاگاداری ئێوە ئەم داواکاریانە پێشکەش بە دەسەڵاتداران و هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان بکات وەک رێگەچارەیەکی ڕاستەقینە بۆ کۆتاییهێنان بەم سیستەمە حیزبسالاریە و دامەزراندنی سەرەتایەکی تازەی حوکمڕانی کە جێی رەزامەندی ئێوە و شانازی هەموان بێت:

١. مەنعی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لە هەمو جۆرە دەستێوەردانێ لە کاروباری: حکومەت و دائیرەکانی، پارلەمان، دادگا، ئاسایش، پێشمەرگە.

٢. مەنعی دامەزراوەکانی ئاسایش، زانیاری و پاراستن و پێشمەرگە لە هەمو جۆرە دەستێوەردانێ لە کاری سیاسی خەڵک و چالاکیە جەماوەریەکان، گۆڕینی بەڕێوەبەرەکانی ئەم دەزگایانە بە کەسانی بێلایەنی پیشەیی.

٣. هەڵوەشاندنەوەی حکومەتە حیزبیەکەی ئیستای یەکێتی و پارتی و پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتیقالی تەکنوکراتی بێلایەن.

٤. هەڵوەشاندنەوەی ئەم پارلەمانەی ئێستا.

٥. ئامادەکردنی زەمینەی هەڵبژاردنێکی نەزیهی بێ تەزویر بۆ پارلەمانی کوردستان کە لە٣ مانگ تێ نەپەڕێ.

٦. گێڕانەوەی موڵک وماڵی داگیرکراوی حکومەت و خەڵک لە لایەن حیزبەکان و کاربەدەستەکانیەوە.

٧. کێشانەوەی رەشنوسی دەستوری هەرێم و هەمو ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارن بە سیستەمی حوکمڕانی وڵاتەوە و حەواڵەکردنیان بۆ پارلەمانی داهاتو.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم خواستە جەماوەریە رائەگەیەنین:
داوا لە هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان ئەکەین پشتگیری خۆیانی بۆ دەربڕن.
داوا لە دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەکەین کە لە ئاستی بەرپرسیارێتی مێژویی خۆیان دا بن بۆ جێبەجێکردنی.

**بزوتنەوەی گۆڕان**

**٢٩ی ١ی ٢٠١١**